*Consulate General of the United States of America*
Erbil, Iraq

**ماتیاس میتمان**
**کونسوڵی گشتی**
***کونسوڵخانەی گشتی وڵایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا***

**ئەندامی پیشەیی لە کاروباری باڵای دەرەوە، ماتیاس میتمان لە تەمموزی 2015 بەرپرسیاریتی کونسوڵی گشتی لە هەولێر - عیراق گرتە ئەستۆ. پێشتریش وەک کونسوڵی گشتی لە بەسرە – عێراق خزمەتی کردوە لەموەی نێوان 2013 – 2015، وەک جێگری نێردەی ئەمەریکا لە باڵیۆزخانەی وڵایەتە یەکگرتوەکان لە تیگۆسیگاڵپا – هندۆراس لەموەی نێوان 2011 – 2013 و هەروەها 2009 – 2011 وەزیری مفەوەز بووە بۆ کاروباری نابووری لە باڵیۆزخانەی وڵایەتە یەکگرتوەکان لەمۆسکۆ. ماتیاس لەدواترین گەشتیدا بۆ واشینتۆن،وەک بریکاری جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ سیاسەتی ڕێگرتن لەبڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی و دانوستانەکان و، لە نوسینگەی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێگرتن لەبڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی وەک بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەمکردنەوەی هەڕەشە هاوبەشەکان کاری کردوە. هەروەها لەنێوان ساڵانی 2006 – 2008 لەئەنجومەنی ئاسایشی ئەتەوەیی وەک لێپرسراوی کاروباری عێراق کاری کردوە و بەرپرسی سیاسەتی نابووری ئەمریکی لە عێراق وتێکەڵکێشیە نێودەوڵەتیەکان بووە. ماتیاس پێش پەیوەندی کردنی بە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەتەوەیی (NSC) وەک گەورە ڕاوێژکاری نابووری لە باڵیۆزخانەی وڵایەتە یەکگرتوەکان لە بەغداد دەستنیشان کرا بوو.**

**ماتیاس لەموەی کارکردنیدا بۆ وەزارەتی دەرەوە، لە چەندین پۆستی نو واشینتۆن و وڵاتانی دەرەوە خزمەتی کردوە. لەپۆستە پێشوترەکانی ماتیاس، لە ئوباندا چەند گەشتێک وەک جێگری بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسی شانشینی یەکگرتوو بۆ کاروباری بێناوکس و ئایرلەندا و، جێگری ڕاوێژکاری سیاسی لە باڵیۆزخانەی وڵایەتە یەکگرتوەکان لە ئەسینو، یاریدەدەری تایبەتی باڵیۆز ڕیچارد شیفتەرو، بۆ دەستپێشخەری هاریکاری باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا. وە هەروەها وەک ئابورینسی دارایی لە ئۆفیسی کاروباری ئەختی. ماتیاس هەروەها وەک ئەفسەری چودێر لە سەنتەری ئۆپەراسیۆنەکانی وەزارەتی دەرەوەو ،گەورە کارمەندی خەفەر لە ژووری عەمەلیاتی کۆشکی سپی و ، ئەفسەری زانستی لە باڵیۆزخانەی وڵایەتە یەکگرتوەکان لە مۆسکۆ ،جێگری کونسوڵ لە باڵیۆزخانەی وڵایەتە یەکگرتوەکان لە تیگۆسیگاڵپا کاری کردوە.**

**هەڵگری چەندین خەڵاتی شایستەیی و فەخری بەرزی وەزارەتی دەرەوەیە، ماتیاس بە زمانەکانی یۆنانی و ڕوسی و ئیسپانی قسەدەکات و هەندێک ئەڵمانیش دەزانێت. دەرچویەکی دیاری کۆلێجی ئەتەوەیی جەنگەو، هەڵگری ماستەرە لە بواری ئاسایشی ئەتەوەیی لەساڵی 2006. ماتیاس پێش دەستبەکار بونی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە لە زانکۆی بۆڵ ستەیت و انەی نابووری وتۆتەوە وەک مەۆستای یاریدەدەر.**